لە قووڵایی ستراتیژییەوە، بۆ قووڵایی کێشەی کورد -4 … سمکۆ عەبدولکەریم

بەشی جوارەم …

ئەگەر باس لە لێکترازانی باری جیوسیاسی و ئابووری و ڕەشنبیری دەکات و لێکترازانی جیوسیاسی، بە دابەشبوونە جیوسیاسییەکە و درێژبوونەوەی ئەو هێڵە دەگمەنەتەوە کە لە نێوان لایەنە سیاسیە جیاوازەکاندا هەیە، بەڵام لێکترازانی بارە ڕەشنبیرییەکە دەگمەنەتەوە بە نەبوونی زەمینەی هاوبەش لە نێوان لایەنە سیاسییەکان، هەروەها تێکچوونی ئابوورییەکەش دەگمەنەتەوە بە مەسەلەی دابەشکردنی داهاتە ئابوورییەکان بە شێوەیەکی نایەکسان لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا.
پێشی وایە شوێنەواری لێکترازانی ئەم سێ بوارەی لە سەرەوە باسمانکرد لە خەرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەرکەوتوون، بەڵێ ئەو سنوورە سیاسییەی لە سەردەمی ئیستعماریەتدا کێشراوە، لە چوارچێوەی کرداری چەکداریدا، بە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و بوونی ئەو دژیەکانەی کە هەیە لە نێوان تێکچوونی جیو سیاسی و جیو ڕەشنبیری، وایکردوە ناوچەکە ببێتە یەکە لەو ناوچانەی پتر لە هەر ناوچەیەکی تر ئامادەگی تێدابێت بۆ شەڕانی پڕوپاگەندییە نەوەوەتییەکان.

لەم گۆشە نیگایەوە ئەگەر داوادەکات، تورکیا وەک وەاتێک، کە قوباییەکی مەژووویی و جوگرافی هەیە، پڕە بە چالاکی سیاسی خێی بدات لەمە ناوچەکە و بتوانێ سەرپەرشتی ئەو قەیرانانە بکات کە لە ئێنجامی دابەشکرایەکانی جیو سیاسی و ئابووری و ڕەشنبیرییەوە دروست دەبن و بتوانێت بە ئارامییەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات.
بەپێچەوانەوە، ئەگەر پێی وایە هەر جۆرە هەڵسەنگاندنێکی ناجۆر بۆ ئەم دابەشکارییە، تورکیا ڕووبەڕووی مەترسی کاریگەری پیوەندیدار بە ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی دەکاتەوە، سەرەڕای لە دەستدانی کاریگەریە ئیقلیمییەکەی، بەڵێ دەبێ: ناکرێ تورکیا لە بەرامبەر ئەو لێکترازانەدا دەستەوستان و بێلایەن بوستێت.

ئەمەش بۆ مانایەی کە تورکیا خاوەنداریەتی مەژووویی ناوچەکە بۆ خێی دەگمەنەتەوە و خێی بۆ میراتگر دەزانێ.

ئەحمەد داود ئۆغلۆ لە درێژی باسەکێدا پێی وایە لەبار ئاوەی، تورکیا خاوەنی مێژوویی دواین قۆناغ و کەکێرەوەی جیو سیاسی و رێشنبیری و ئابووریە لە ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست، لەسەریەتی پشت بە ستراتیژیەتی لەك نزیکخستنەوە ببەستێت و بتوانێ لەکترازانی جیوسیاسی و رێشنبیری و ئابووری تێپەڕێنێ، وەك خۆی بە تەواوی لە ناوچەکە تێبگات، هەروەها لەسەریەتی ئاو لەك نزیکخستنەوەیە بە شاوەیەکی تەکتیکی و نەرم و هێنگاو بە هێنگاو جێبەجێ بکات.

بە بۆچوونی ئۆغلۆ ئەجێرە لەك نزیکخستنەوەیە تەنیا نابێتە هۆی پترکردنی کاریگەری تورکیا لە ناوچەکە، بەکو وادەکات رۆڵی تورکیا بەهێزتر وبەرگیرێ و نەتوانرێت لە هاوسەنگییە جیهانی و ئیقلیمییەکەدا پێراوێز بخرێت. ئەم لە کاتێکدا رژانەك تورکیا ئیمپراتۆری ناوچەکە بوو، ئۆغلۆ دەڵێ: تورکیا خاوەنی مێژوویەکە لە ناوچەکە، کە بە هۆی ململانێی نێتوویی و دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێز دوورە زەبەلاحەکەی لە دەستدا، کە لە چارەکە یەکەمی سەدەی بیستەمدا چەقی «خۆرهەڵاتی ناوەڕاست» و ناوچەی «بەلقان» بوو.

ئۆغلۆ ئاماژە بە گرنگی و بایەخی ناوچەی بەلقان دەکات، کە پێی وایە بەهۆی تەنگەیشتنەوە، تورکیا تووشی ئاو بەزینە بوو، دەڵێ: تورکیا ناچار بەپاشکشەکرا بەرەو ئەنازۆل، ئەمەش دوای ئاوەی بەلقانی لەدەستدا، لەئەنجامی سەرکەشی دەستێوەردەکی سیاسی، کە لەتوانایانەدا نەبوو هێسنگاندنەکی راستی ژێرخانی جیورەشنبیریەکەی بەلقان بکەن، دواتریش خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی لەدەستدا، کە بەبەی پشتی تورکیا بوو، ئەمەش بەهۆی ناکەکی «تورکی-عەرەبی» کە ئینگلیز دروستی کردبوو.

ئاو قسەیەی ئەحمەد داود ئۆغلۆ ئاماژەیە بەئاوەی کە تورکیا دەبێت سوود لەئەزموونی رابردووی وەربگرێتو کار بەئەستاو ئایندەی بکات، کە خۆی لەقایمکردنیدا دەبینێتاو لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەوماناەی کە دەبێت تورکیا وەك وڵاتەکی حیساب بەکراو تەماشا بکرێ و لەدەروەی تورکیا هیچ پرسەیەکی سیاسی، یان نەخشەیەکی نوێ بەبێ ئاو نەچێت، ئەگەر ئەم قسەیەی ئۆغلۆ کە باس لەپاشکشەکردنی تورکیا لەناوچەی بەلقان دەکات وەك ناوچەیەکی ستراتیژی، لەکاتی خۆیدا، ئاو ماناەی ئاو دەگەنی، کە تورکیا لەئێستادا خاوەنی تەگەیشتنەکی ڕوونە، کە بەدووری نازانێ، کەشەی کورد بە ئاو لەم قۆناغدا ببێتە هۆی سەرهەڵدانی دیکەی پاشکشەکردنی تورکیا لەناوچەکەداو سەرهەڵدانی لەکترازانی نوێ.

پرسیارکردن لە تاریکی … عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

" لە هیچ دنیایەک ڕوانە نەکراوم"…

رامبۆ: وەک دەزانین خۆشویستی دەبێ لە نووسەر دابهێنرێتەوە. قەسیدەی بۆشک لە دەزگەخ
خوێندنەوەی ژیانی کەسی نییە، وەک چەمکی یادەوەری داوای دەکات. ژیاننامە نییە، وەک ئاوەی لەسەر ڕاستبێژی وەستا بێت، بەڵکو زمانێکی دیکەیە بەرانبەر زمان و لۆگۆس زماندا! نەک بۆ مانایەی کە کاری چارەسەرکردنی یەکێتی زمان بکات، بەڵکو بۆ مانایەی کە زمان دەیەوێت.

نیگای هونەر

یەکێک گوتبووی ئاوەی زەربەی وەرزەکان پانتۆڵەکی کاوبەی شین و کراسێکی سپی و کەشکی سپی لە پەدکا، هەمیشە کتێبێکی بە دەستەوەیە و خەیاڵی لەڕ نییە، ئاوە موتەیبە؟! دەزانم سەرم لە نەو کتێبان دەجولێتەوە، بەڵام وەک (ئەرستۆ)ی گەورە خوێندنەوەی دنیا نا، خەیاڵم بەدوای گرتنی گەردەلوولەوەیە، بەڵام (ریلکە) نیم! ئاوە فیگاری ژیانی ڕووتی منە بە کەمەکێک دەستکاریەوە، مرۆڤێک کە نەیتوانی خۆی بکوژێ، نەیتوانی وشات جێبهێڵێت، مرۆڤێک لە ناخەوە دژی دامەزراوەی سیاسی و پیرۆزی ئیمانی داخراو و لۆگۆس شتە ڕاوەستاوەز و بچوکەکاندا دێتەوە… هەموو ئاوانە بە تێپەڕینی ڕۆژگار بە هەندێ دەستکاریەوە بوون بە شیعر، شیعر پرسیار لە تاریکی دەکات، لە ماڵی باران لۆگۆس با دەخەوە… ئاوە منم دەنگەکان بە بێک لە دەستکاریەوە هاوسەنگ دەکەم، ئاوە منم زەمەنێکە لە تەماشاکردنی ئاو دەمەوە و کتێبی دەریا لە (سان جۆن پێرس) دەخوازم.
لەسەرەتای حەفتاکان ماڵمان لە هەولێر گۆڕەکی (کوران) سەرەتای جادەی ئێلبان لە قەسران جۆگیربوو، چوار ماڵی بە تەنیشت یەک و بە یەک شێوە دیزاین کراو، خانووی کرێکارانی کارگەی ئێلبان…

دیسان ئاوە سەرەتا نییە، بەڵکو سەرەتایی شێشی ئێلول بوو، بەهەی

بەمبارانی تیایرۆ سیخۆیەکانی رژێمی بەعسی ئۆوسای عیراق بۆ سەر پێشمەرگە و دێیە سنوریەکانی حاجی ئۆمەران و ئازادی و خەلان... دایکم و منی تازە لە دایکبوو لەگەڵ خۆک و خوای ئۆو ناوچەیە دوور لە باوکم کە ساڵی 1962 پێشمەرگە بوو، دەربەدەری وەاتی ئێران دەبین. من لە ئێران بۆ (محەمەد) ناونوس کراوم، دیسان ئۆو یەکەم و دوا تامچێشتنی غەریبی نیین، بەڵام دایکم خووی بۆ گەڵِانۆوی ئۆو بەسەرهاتە و ئۆو ناونوسکردنە گرتبوو. بەر لە شەش ماڵ باوانی دایکم کۆتبوونە گوندی خەلانی شێخ عەلائەدین... دەزانم تامی غەریبی و تامی کەبابی هۆلەر بۆ ئاسانی هەستی چێژ وەرگرتنی مرۆڤ بەرنادات، بەڵام هەر یەکە و وەک خۆی! من و دایکم دوای ئۆوی لە ئاوارەیی گەڵاینۆو، دوای ئۆوی باوکم چەکی دانا و لە هەتەلی (شیرین) -کە دەکەوێتە سەر قاوەخانەی (مەچکە)ی ئێستا- دەست بە کار دەبێت، ئیتر لە هۆلەر لە گەرەکی (تەعجیل) نیشتەجێ دەبین... لە گەڵکی تەعجیل بە تێپراوە بە جمهوری و بە حەساری عیزەدین ئاغا و بە خانووییەکی یەک ژووری کە سەر بە ماڵی (مونعیم محەمەد ئۆفەندی) بوو، لە تەنیشت حەساری عیزەدین ئاغا و بەرانبەر ئاشی ئەحمەد جەڵبی و دواتریش بە گەرەکی کوران... ئەمە لە سەرەتای شەستەکان لە هۆلەر نیشتەجێ بووین. داشتنی ئۆو هەواڵم لە باوکمۆە بە ماوەتۆە.

هەشتا سەفیەکان گەڵکی زانیاری و هۆلەریان جێنەهێشتبوو، من لە پەلی یەکەمی سەرەتایی وەرگیرام، بەر لەوەی ساڵ بە نیوە بێ، لەبەر دەرزلەدان بە ئۆوەی کەس هەستم پێبکات خەم و خەیاڵی منداڵانەی سەرم بە تەنیا لە پەل هاتینە دەرەوە، خەم و ئۆو جانتایەی دایکم بۆی دروست کردبووم بەرەو ماڵ بووینەوە، دایکم لێی پرسیم کە بۆ وا زوو گەڕاینەوە؟ حیکایەتکی دوور و درێژم لە مەشکەدا ئامادە کردبوو، کەچی بە یەک رستە گوتم: لەبەر دەرزی لەدان.
دوای ئۆنفال تازە بە بریاری لەبوردنی دوو سایدی (367) و (737) 8/9/1988 پێویست بە لەخشبوون لە پێشمەرگە و سەربازانی هەڵاتوو و پاشکەوتوو... وەک پاشکەوتووی سەربازی دوای دە لە دەدان و ململانێی دەروونی و نیگەرانییەکی زۆر لەگەڵ (سەردار سنجاوی) خەمان رادەستکردەوە، کە ڕەوانەی سەربازگای کەرکوک کرام، لێوە لە نۆو ئۆو هەموو سەربازانەی کە نەڕیان بە خونبەخشینی شەڕی عیراق و ئیران گرتبوو، رامکرد، کەس پرسیاری ئۆو خەدزینەوەیی لێنەکردم، زەرانی وەکو من لەوانش (ڕەدار ئۆنەر) و (دلشاد خدر) و (حاکم شەرزاد)... خەیان لەو خونبەخشینە دزیبەوە و ئیتر لە دووری خونبەخشکان بەڕە بەڕە تکەڵی قسان بووین و خونبەخشینمان لە

بیر چوون و کوتینە نەو باسی ئەدەب و هونەرەوە.

ئەدەب و هونەر وەک یادەوەری سەرەتا و کۆتایی نییە، فینەس خواوەندی هونەر و جوانی و ئەپۆلۆ خواوەندی شیعر دەکەوتە ناخی مرۆڤایەتییەوە، ناخی تۆمۆژاوی، ڕەناک و تاریکیی سەدەکان و ئومێد و نائومێدی و سەرکەوتن و دۆڕانە لە بننەهاتووەکان…
لە باسی وێنەکێشان و گوناهەکانی وێنەکێشان هەمیشە لە ماڵەوە داپیرم- دایکی باوکم- کە خۆکی مهابادی ڕۆژهەڵات بوو، دەیگوت ڕۆژێ لە ڕۆژی دوایی دەبێ ڕۆح بە بەر ئەو وێنانە بهێنی، بەڵایەکی ڕەهای بەو قسەیە هەبوو، خودا لەسەر ئەو ڕوخسارە دەستکردانە سزای خۆی دەبێت! ئەو بیرکردنەوە و دنیابینییە لاوەکە هاتووە کە تەنها خودا خالقە و هەموو کارەکان تەنها ئەو دەتوانێ خاوەنییان بێت!!
بیر لەوە بکەرەوە ڕەنگە خودا دەست و پەنجەی ڕەنگینی (ئەزمیل فیدیاس) پەیکەرتاشی گریکی، یان (جەواد سلیم) و (شاکر ئالسەعید) و (محەمەد عارف) و… خۆش بێت، بەڵام منی دەست و پێ سپی چۆن دەبەخشێ؟! منی منداڵ بە پەروا کاغەزی سپیم بە ڕەنگ و نیگارەکانم پێ دەکردەوە و لە بری یاری منداڵانە لە قوتی دەستکرد و خودا کرد پەیکەرم دەنەخشاند، ساڵی 1974 لە پەلی چوارەمی سەرەتایی پێش ئەوەی ناوی قوتابخانەکەمان لە بابەتاهیری هەمەدانییەوە ببێتە بابەتاهیری سەرەتایی کوان، بەهەڕی وێنەکێشانم لە پشانگای قوتابخانەکان لە قوتابخانەی (ئیبن مستەوفی) نیشاندا! مامەستا (ڕەفیق ڕەواندوزی) یەکەم کەس بوو، کە ئەو بەهەڕیەی لە منداڵ دەزیەوە، ئاگەرچی ئەو مامەستای وێنەکێشان نەبوو، بەڵام بەو باڵا درێژ و بەو سیسیەوە میلەکی زەری بە ئەو هونەرە هەبوو، لە ڕێگای وێنەوە وانەکانی دەخستە مشکی قوتابیانییەوە. مامی مامەستا ڕەفیق ڕەواندوزی دەکەوتە گوێکی زانیاری و ئەوبەری قوتابخانەکەمان و ئەوبەری شەست مەتری، کەچی مامی مامەستا (قەرەنی ئەسوەد) راستەوخۆ لە پشت قوتابخانەکەمانەوە بوو، مامەستا ڕەفیق ڕەواندوزی کوێکی بە ناوی دڵدار هەبوو ساڵێک لە پێش ئێمەوە بوو… من هەر لە پەلی سێیەمی سەرەتاییەوە هەفتانە ئەو وێنانەی دەمکێشان لە ڕێگای مامەستا ڕەفیقەوە بە تابلۆی ئاگاداریەوە هەڵدەواسران و وێرای ئەو وێنانەی من دەمکێشان وێنەکانی (دڵدار ڕەفیق) و (فەیسەڵ عوسمان)… هەڵدەواسران.

ئەوەی فێری ئەلف و بێی کوردی کردم هەر خۆتخێشی مامەستا جەبار یاسین نەبوو، بەڵکو سەلیقەی بەدواداچوون و دەسەزی ئەو بوو بە جوانەنوسی و ڕازاندنەوەی پیتەکان، هەر پیتێی بە ڕەنگێ دەنەخشاند،

پیتەکان بە منداڵان پێدەکەنین، سنوری نێوان خەیاڵی منداڵانەی ئەمە و چیرۆکی پیتەکانی مامۆستا جەبار یاسین رۆژ بە رۆژ لە گۆشەدابوو، هەموو پیتەکی بە ژیان دەچووانەد، هەر کە ئەو شتە زیندووانەمان لە دەرەوەی قوتابخانە دەبینی پیتەکانمان بیر دەهاتەوە، بیری منداڵی ئەمە لە نێوان پیتەکانی مامۆستا جەبار و پیتەکانی ژیان دەدروشایەوە، لە نێوان پیتە سپییەکانی مامۆستا جەبار و کەترە سپییەکانی (ئەحمەد)ی هاوڕێم لە شەقڵی باڵمان دەدا، هەرگیز (ی)ای مراوی و (ن)ووننی مێنجەڵی چێشتم بیر ناچێتەوە، هەرگیز ماڵە قوینەکەی ئەحمەدی هاوڕێ و کەترە خەمگینەکانیم لە بیر ناچنەوە، مامۆستا جەبار تەمەنێکی بەسەر برد، ئەحمەدی هاوڕێم هەر تەنها ساڵێک لە پڵەی یەکەم و لە هاوینی ساڵی دووەم بە نەخۆشی کەچی دوایی کرد، ئەو کەترە سپییەم هەرگیز بیر ناچێتەوە، وەک چۆن هەتا ئێستاش خشتەی لەکدانم بیر نەچێتەوە، ئەو وانەیە مامۆستایەکی خنجیلانە و وریا و چاپووک پێیدەگوتین ناوی مامۆستا (عەبدولقادر) بوو، ماڵی مامۆستا عەبدولقادر هەر بە ڕێزی قوتابخانەکەمان و لە تەنیشت ماڵی مامۆستا جەبار بوو، مامۆستا عەبدولقادر ئەوەندە سوور بوو لەسەر دەرخکردنی خشتەی لەکدان، بەوا ناکەم منداڵێک هەبێ و لای ئەو مامۆستایە خوێندبێتی خشتەی لەکدانی بیر چووبێتەوە، مامۆستا عەبدولقادر بە خەی و دارە قووتیلەکەی ئەوەندە بە پڵە جارانی لەدەپرسینەوە نەماندەزانی چۆن لە نێوان پرسیارێک و پرسیارێکی دیکە دەمی دەگاتەوە یەک، وەک چۆن بە پڵە دەیپرسی بە پڵەش دارەکەی دەستی لەدەوشاندین، گرنگ نەبوو بەر کوڵمان دەکەوێت! ئەو لەدانە ئەگەرچی بە ئەمە بە تایبەتی زستانان بە ئازار بوو، بەڵام دەرچوونیش لەو دارانە چێژێکی زۆری پێدەبەخشین.

لە سنور بەدەر چێژم لە وانەی هونەری وێنەکێشان دەبینی، ئەگەر کەترە سەرکێشەکانی مامۆستا قەرەنی لە حەوشەی قوتابخانە هەڵبنیشتبان و وانەی نیگارمان هەبایە، ئەوە مامۆستای وانە بیری بە وێنەکێشانی کەتر دەچوو، یان وێنەی ئەو پشیلانەی خەیان لە کەترەکان دادەنوسانەد، زەرجاریش وێنەی ئەو دار و گوڵ و مەرکانانەمان دەکێشا، کە لە حەوشەکە دەکەوتە بەر سەبەری چاومان. بەڵام نە وێنەی کەترەکانی ئەمەی منداڵ لە کەتری (زاجل)ی نەو حیکایەتی جوگرافیا و مێژووی مامۆستا قەرەنی دەچوو، نە پشیلەکانمان لە پشیلەی (شیرازی) دەکرد… وێنەکێشان لە ماڵ و لە قوتابخانە بەشێکی زۆری خەیاڵ و ژیانی من بوو، مامۆستای وانەی نیگارکێشانمان (نەشئەت سەفار) پیاوێکی هەمن و بەدەنگ بوو… زۆر لە مامۆستایانی دیکەش بایەخیان بە وێنەکێشان و چالاکی قوتابخانەکان

دەدا، لەوانەش مامۆستای ئینگلیزی (عەزیز بەرخول) زەرجار منی بە ژووری مامۆستایان بانگ دەکرد تا وەنە بە رەنگی زیتی بکەشم، مامۆستا عەزیز هەموو جارێک کە لە وانەی ئینگلیزی لە (جەباری کوڕی مەلا هەمزە) تووڕەیە پێی دەگوت خۆک گووی لە نەو مانگ کرد، تە تازە دەستی ئێی مانگ من و تە هەردوو هاودەردین... جەبار دەیگوت من شاعیرم... بەدران حەبیب میران و جەبار هەمزە و محەدین... بە ئەوەی شەرم بکەن، لە کاتی ریزبەوونی قوتابیانی قوتابخانە دەچوونە ناوەڕاستی گۆڕەپان و دوای هەڵکردنی ئاڵای نیشتمانی ڕۆژی پێنجشەممان لەبەر دەمی مامۆستا و بەڕێوەبەر وەک (تاهیر تەفیق) دەستیان بادەدا و شیعری داری ئازادی بە خۆن ئاو نەدرە قەت بەر ناگرە و ئێی وەتەن مەفتوونی تەم و ... دەخوەندەوە. مامۆستا عەزیز بەرخول پیاوێکی تەکسەاوی سوور و سپی بوو، یەکێک بوو لە نەیارانی ڕژەمی ئەوسای بەعس و کاتێک کودەتایەکەی (محەمەد عایش) ئاشکرا بوو، ئەو وەاتی جەهەشت و بە ئەمریکا هەڵات.

ئاداری 1974 ساڵی بەرخودان و هەڵچوون و هەڵایسانی تووڕەیی و خەباتی کوردایەتی بوو، ساڵی بوەریی و چاونەترسی و جەسووری، ساڵی یاخیبوون و بەرەو چیابوونەوە و کەنەدان... من لە پەلی چوارەمی سەرەتایی بووم، کە شەڕش گێی گرت، لە زەربەی ماڵان بەینی زیندانی حەرەس قەومی و چوونە چیای پەلیسان و یاخیبوونی گەنجان... چرپە و باسی زەری بەدوای خەیدا دەهەنا. لەو مامۆستایانەی کە شەڕشیان بە گەرمی وەرگرتبوو مامۆستا قەرەنی و مامۆستا (ئەحمەد) و مامۆستا (زرار)ی کوردی بوون... بزر بوون و هەندێ لە قوتابیان دەیانگوت چووینە سەرە، بەڵام ماوەیەک ونبوون و گەڕانەوە... ئەوسا بەڕێوەبەری قوتابخانەمان (ناەج داود ئەیوب)، هەتا بەڵێی لەسەرەخۆ و هەمن بوو، مامۆستا عەبدولقادری بیرکاری جەگری بوو. فەراشی قوتابخانەکەمان ناوی (عەباس ئەبو شوارب) بوو، بەخەیی بە قەناڤەتی تووند تەڵ و بە پایسکیلێ حەدبا شینەکەی یەکەم کەس بوو دەرگای قوتابخانە بکاتەوە و دوا کەسیش بوو لە داخستنی. مام عەباس پیاوێکی قسە خۆش و لەبەر دڵان بوو. بەشێکی زەرمان کە زوو بە قوتابخانە دەهاتین لە خۆشەویستیمان بە وانەکان نەبوو، بەڵکو دەمانویست لەگەڵ یارمەتیدانی مام عەباس گومان لە قسە خۆشکانیشی بێت. مام عەباس بە (خەلیل یابە) و جەباری مەلا هەمزەی دەگوت بە ئەوەی پرچتان وەک قژی (کامەران حەمە ساڵح) و (ئارام ئیسحاق)... نەرم بە و بتوانن بە ئاسانی دایبهێنن، پەویستە شەوانە دەشاوی لەبدەن و بەیانی کە هەسان بە ئاو بیشەن و ئینجا تەماشاکەن لە قژی عەبدولحەلیم حافز جوانتر دادێت... ئەوسا زەمەن زەمانی فەرید ئەترەش و عەبدولحەلیم

حافز و ئوم کلسوم و فاتن حەمامە و سەمیرە تەفیق بوو، زەمانی محەمەد گەران و نەسرین شەروانی و عائشە شان و محەمەد عارف و عیسا بەرواری و تاهیر تەفیق... بوو، زەمانی عەدنان قەیسی و جەنلیز و شەرە خەلیل و نەجات تەیی... زەمانی فیلمی هیندی و میسری و کاوبایی... زەمان زەمانی فرسان و پەشمەرگە و مەلا مستەفای بارزانی بوو.

هەمیشە شتێک هەبوو دڵانی خۆش دەکرد و هەندێ لە باوک و دایکانی تا رادەیەکی زۆر شاد دەکرد ئاوێش دەنگی کوردستانی عیراق و تەپڵە تەیارە شکێنەکانی شەڕش و پەشمەرگە و چیرۆکانی ئازگەی تاران و دەنگی زوهاڵی کاوەس ئاغا... بەڵام ئاوەی کە زۆرێک لە دڵانی پێست دەکرد، گیران و ڕاوەدوونانی کورد و فرمێسکی دایکان و هەناسە حەسرەتیەکانی داریوش بوو، پەشمەرگە و داریوش ئاگر بە ریشیش نەگەیشتبانەوە یەک، ئاوە بە خەم و حەسرەتکانیان بە یەک دەچوون، حەسرەت ڕوخساری زۆربەی منداڵانیشی لێ کردبوو.
شەڕش ماڵی زۆرانی کاول کرد، زۆرانی دووچاری گرتن و چەرمەسەری و ئازار و ڕاوەدوونان کرد، زۆرێک لە منداڵانی بە باوک و خوشکانی بە برا کرد، شەڕش قوربانی زۆری لەدوای خۆی جێهێشت، بەڵا ناکەم هیچ ماڵێ کوردێک هەبێ و قوربانی پەشکەش شەڕش نەکردبێ، شەڕش زۆر ڕەمزی دروست کرد، زۆر ڕەمزی تێکشکاند، زۆر بە تاوانی کردە تاوانبار، زۆر تاوانباری کردە شەڕشگێر، چیرۆکی زۆری هەنا ئاراوە، خەیاڵی زۆری هەڵفڕاند... شەڕش هەرەسی هەنا!

شەڕش هەر تەنها بە شوێن گۆڕینی دەسەڵاتەوە نییە، بەڵکو پرۆژەی جەراوجۆری مرۆیی لە خۆدا هەڵگرتووە، شەڕش لەسەر پاشکەیەتی ڕەنانرە، بەڵکو دەبەت لە دژخۆکی شەڕشگێڕانەدا بژی، شەڕش و هەڵچوون لەڕادا لەکجیا دەبنەوە، بەڵام هەتا ئێستاش کەس بیری لەو هەموو شکستە مێژوویانە نەکردەتەوە، کەس نەهات شەڕش و پاشکەیەتی بخاتە بەر باس و لەکۆڵینەوە، کەس نەهات ڕاپەڕین و هەڵچوون لەکجیا بکاتەوە، هیچ شەڕشێک لە دنیادا نابینی هەزی کۆنەپەرست و هەزی بێگانە ڕابەرایەتی بکات و سەرکەوتن بە گەل بە دەست بهێنێت... شەڕش هەرەسی هەنا!

بەشێک لە ناسنامەی ئەدەبیم

پوتین، بۆ ترامپ "پشت لێ کورد بکە"! ... ئاشتی ئیبراهیم ئۆفەندی

میدیا جیهانییەکان، پێنج بۆ ئەو درۆز دەکەن کە گوایە لە سەر داوای "پوتین"، سەرۆکی ئەمریکا "ترامپ" بەیاری کۆتایی هێنانی دا بە بەرنامەی دەزگای (سی. ئای.ئەی) ئەمریکیی، کە تایبەت بوو بە مشق پێکردن و ئاهێنانی سەربازیی و پێچەک کردنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا کە یەکێک لەوان "یەپەگە" بوو.

بەرنامەی دەزگای (سی. ئای.ئەی) ئەمریکیی بۆ ڕاپەڕاندبوونی ئیدارەی "ئۆباما" بوو لە ساڵی ٢٠١٣دا، کە ئەو کات شەڕی دژ بە داعش و جەنگی سوریا لە ئەوپەڕی گەرمییدا بوو وە ئەمریکا ئەو کات پێداگری دەکرد لە لابردنی "ئەسەد"، وەکو داشکێنی "روسیا" و کەسایەتییەکی بەهێز کە داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی "روسیا"ی دەکرد لە ناوچەکە دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا.

هەنوکە، "ترامپ" بە نزیک بوونەوە لە "پوتین"، بە پێچەوانەی "ئیدارەی ئۆباما"، دژایەتی هاوڕێی و خوازی "روسیا" ناکات لە "سوریا"، کە ئەویش مانەوەی "ئەسەد"ە لە دەسەڵات. ئەمە لە کاتێکدایە کە تەنها سێ مانگ پێش ئێستا "ئەمریکا" بڕیاردابوو کە "ئەسەد" چەکی قەدەغەکراوی کیمیاویی بەکارهێناوە دژ بە خەڵکی سیڤیل لە "سوریا"، بۆیەش ئەو کات ئەمریکا هێرشی ئاسمانی ئەنجامدا دژ بە بنکەی ئاسمانی "ئەسەد" لە سوریا". "نیککی هالی" سەفیری ئەمریکا ئەو کات ددانی بەوەدا نا و گوتی " بە هیچ شێوەیەک هیوامان نییە کە ئاشتی و ئاسایش بڕقەرار بێت لە ناوچەکە بە مانەوەی "ئەسەد" و ئەو حکومەتەی کە ئێستا لە دەسەڵاتە"!

بەگوێرەی میدیا جیهانییەکان کە ئاماژەیان پێداوە، "ترامپ" ملکەچ بە مەرجی "پوتین" وەک "ئەمریکا و روسیا"، هەککەوتن کە "ریفەرم" بکرێت لە دەستوری "سوریا" لە ئایندەیەکی نزیک دا. بە ئەو مەبەستە "پوتین" لە کەبونەوەی لەگەڵ "حەسەن ڕوحانی و ئەردوغان"

کە لە "سەچی" ئەنجامدرا گوتی " سوریەکان دەبێت چارەنووسی خۆیان و وڵاتەکەیان دیاری بکەن. بە گومان پرسەی "ریفەرم" ئاسان نابێت و پێویست دەکات هەموو لایەنەکان، لە هەندێک شت ببورن و هەوڵی سەرخستنی بدەن یەکێک لەوان حکومەتی "سوریا"یە.
"ترامپ"، کارتی کورد بەکاردەهێنێت و بە گەیشتن بە ئامانجی فەرمیی لەگەڵ روسیا. بە گوترەی میدیا جیهانییەکان بێت، هەر دوو لایەن گەیشتونەتە ئامانجی. ملکەچ کردنی "ئەمریکا" بە خواستی "روسیا" خاڵێکی گرنگە بە ئامانجی نەوانیان بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا. بەڵام هێشتا ڕوون نییە کە ئایا "ترامپ" بەرامبەر بەچی ئەو کارتەی بەکارهێناوە؟ هەروها فەرامۆش کردنی "کورد" لەو ئامانجانەدا تا چ ئاستێک و ئایا دووبارە "ئۆجانی و ئەردوغان" لە ئایندەدا ئاگەیان بە تەخت دەکرێت کە وەک پیشەی هەمیشەیان دووبارە دەستبکەن بە "بەکەمەوە بە کوشتندانی میللەتی کورد یان نا" !؟

لە داهاتوویەکی نزیکدا لە ئەنجامی ئەو ئامانجانەدا و چەقۆ وەشاندن لە پشتەوە، ئەگەری ئەوە هەیە کە بزوتنەوەی رزگاری "کورد"، بە ماوەیەک تووشی سەختی و بەرزیی و نزمیی بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە، هەرگیز ئەو ئامانجانە لە ئاگەوە چارەسەرکی بنچینەیی نادەزیوەتەوە بە کۆشکانی ناوچەکە و هەرگیز نابێتە هەکاری سەقامگیر بوونی ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و نابێتە هەکاری ئەوەی کە "روسیا و ئەمریکا" بەبە کۆشە تەنها بە کێنی سەرکی وڵاتەکان لە توانیاندا هەبێت بەرژەوەندییەکانیان پیادە بکەن بە بە گرفت و کێشەی جدی.
کەتایی جەنگی "داعش"، ئەوە ناگەیەنێت کە دژەکان لە نێوان شەو ئۆژەکدا بوون بە دەستی یەکتر بە تایبەتی دوژمنایەتی "ئەمریکا و روسیا" کە ئاگەکی مەژووی هەیە. یان کەتایی هێنان بە گرفتی نێوان "تورکیا و ئیران"، کە سەدان ساڵە دوو هاوسێی نەگوجا و ناکۆکن ئەوەی ناوی متمانە بێت لە نیوانیاندا نییە! یان گرفتی نێوان "روسیا" و "تورکیا" کە وەک دوو هاوسێ لە میژوودا تەنیا خەریکی کێشە و گرفت و جەنگ بوون. یان ناحەزی نێوان "ئەمریکا و ئیران" و بە پێچەوانەوە، یان ناکۆکی نێوان "ئەمریکا" و "تورکیا" کە تا ئێستا "ئەمریکا" داعدەی "گولەن"ی دوژمنی "ئەردوغان"ی داوە لە وڵاتەکەی وەک "گیسکەکەی هەیاس" بەکاری دەهێنێت. لەدەرئەنجامدا دەردەکەوێت کە ئەم لایەنانە بە میلیۆنان گرفتیان لە نێواندا هەیە کە هەمووی بە هەڵواسراوەیی ماون.

بە کۆتایی جەنگی "سوریا"، بزوتنەوە ئیسلامییە تووندڕەوەکان کۆتاییان نەهاتوە، تا هەنوکە هەن لە ناوچەکە، بەڵام لە ژێر دیان ئاڵا و ناوی تردا کار دەکەن وە بەکار دەهێنرێن لەلایەن زلهێزە ناوچەییەکان و دنیا وە پشتیوانی ماددی و مەعنەوی دەکرێن بە بە زەبەلاح کردنیان دژ بە یەکتر. کێشەی مەزهەبی و ئایینی تا ئێستا لە ناوچەکە لە لوتکەدایە کە هەمیشە مەترسی تێقاندنەوەی لە دەکرێت بە هەڵگیرساندننی شەڕی مەدەنی، سەرای ئەوەش کێشەی سیستەمیی سیاسیی، یاسا و دەستوور لە ژێر فشاری هێزی سەربازیی و بە گوێرەی بڕژەوەندیی دەسەڵاتداران دەنوسرێنەوە.
ئەو هێکگەوتنە نێیتوانیوە چارەسەرێکی بنچینەی دروست و تەندروست و هەوا بدەزێتەوە بە گرفتی کەمە نەتەوەکان لە ناوچەکە، بە نمونە (٦) میلیۆن کورد لە "ئیران". (٥) میلیۆن کورد لە عیراق. (٢٠) میلیۆن کورد لە تورکیا خاوەن شەش و پارتی ئەپەزسیۆنن، کە گوێیان لە نەگیراوە تا ئەو ساتە لە "جەنگ"ی پارتیزانین دژ بە "تورکیا و ئیران" بە ساندننی مافە هەواکانیان. لە دڕێنجامدا دەردەکەوێت کە ئەو هێکگەوتنە تەنها هێکگەوتنێکی کاتییە، وە لە ئایندەیەکی نزیک هەمان کێشە و گرفت لە ناوچەکە دا لە فەرمێکی تردا خۆیان دەنوێنن.
بەکاوکردنەوەی وێنەی "ترامپ و پوتین و ڕوحانی و ئەردوغان" بە زەردەخەنەوە، تەنیا کارێکی چەواشەکاری میدیاکاران و سیاسییەکانن بە ڕای گشتی جیهانی و دژایەتی یەکتر، ئەو وێنانە و ئەو زەردەخەنە ساختانە کە لە میدیاکان دا بڵاو دەکرێنەوە لە توانایاندا نییە ئەو ڕاستییانە بشارنەوە کە ئەم چوار لایەنە بە خوینی سەری یەکتر تینون!

ئەمڕۆ، ئەگەر "پوتین و ترامپ و ئەردوغان و ڕوحانی" خوازی نەتەوەیی "کورد" ی بەدەسەڵاتی ، وەک داگیرکراو فەرامۆش بکەن و بە قوربانی بڕژەوەندییە سیاسیی، ئابووریی، سەربازییەکانی خۆیانیان بکەن وە پێیان وابێت بە هێگەی کۆینی "سەرانی کوردی خەفەش" خواست و ئارەزووە سیاسییەکانی ئەو میللەتە زیندەبچاڵ دەکەن! ئەوا بە گومان خۆیانیان خاوەن و ئەو هێکگەوتنە ئەوا ناگۆیەنێت کە لە توانیاندا هەیە دەنگی زوماڵی نەتەوەیەکی "٤٠ میلیۆنی کپ بکەن بە خواست و مافەهەواکانیان، ئەو دەنگەی بە درێژای مێژوو هەوای دەمکوت کردنی دراوە بە ئاگر و ئاسن لە لایەن دوژمنەکانی، ئەو دەنگەی لە قوناغە جیاجیاکاندا سەرانی کوردیی بەکرێگیراو خیانەتییان لەکردەو فەشتویانە بە بڕژەوەندیی، سەهۆڵای هەموو ئەوانەش تا ئەمڕۆ ئەو دەنگە بە زوماڵی ماوە و هەر

دەمێنێ

-_____

سەرچاوە:

https://www.washingtonpost.com/world/national-security/trump-ends-covert-cia-program-to-arm-anti-assad-rebels-in-syria-a-move-sought-by-moscow/2017/07/19/b6821a62-6beb-11e7-96ab-5f38140b38cc_story.html?utm_term=.d0f6c2eff2ae
http://www.newsweek.com/us-ally-working-russia-iran-talks-assad-syria-721972
http://www.newsweek.com/us-cut-support-moderate-syria-rebels-improve-russia-ties-moscow-639762
http://www.newsweek.com/russia-not-us-calling-shots-middle-east-iran-iraq-646052

کوردانی تاراوگە دەبێت بەشداریی لە کەمپەینی کۆشکی لۆکاڵی و نەتەوەییەکانا بکەن … زاهیر باهیر –لەندەن

کەچکردن و پەنابەریی کورد بۆ وڵاتانی ئەورووپی و ئەمەریکا و وڵاتانی سکەندناڤی و وڵاتانی دیکە ، بۆ زۆری دەگەیتەوە بۆ دوای جەنگی جیهانی دووهەم . کورد کەمایەتییەکی زۆر کەم بوون بەبەراورد بە زۆرێك لە نەتەوەکانی دیکە لە کەچکردنیانا تاکو ناوەڕاستی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی چەرخی ڕابوردوو.
شەپۆلی تەواوی هەوی کورد بۆ ئەو وڵاتانەی سەروە لە سەراپای کوردستانەکانا کەم و زۆر لە هەمان وەختا کراوە. لە باشووری کوردستانا لە دوای ئاشبەتاڵی بزوتنەوەی کوردیی/کوردایەتیی لە ئازاری سالی 1975 دا ، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانا لە دوای بەناو

شەشی ئەران و لە باکوری کووردستانا دوای بزوتنەوەی پەکەکە و لە هەڕاوای کوردستانا لە هەشتاکانا دەستی پێکرد بەهام بە هەواشی، هەتا سەرهەدانی " بەهاریی عەرەبی " .
بەداخەوە کە ئامارێکی ئاوا نییە کە ژمارەی کەچبەران و پەنابەریی کوردی لەسەرجەمی ئەو وەتانەی ناونوسم کردن و وەتانی دیکە ،نیشان بدات تاکو ژمارەیەکی کەتواریمان بداتێ دەست. بەهام ئەوەی ئاشکرایە کوردانی باشورو و باکور زەربەی کەچبەران و پەنابەرانی کورد لەناو هەموو کوردانی تاوگەدا پێکدەهێنن.

کوردانی تاوگە گیروگرفتکی زەری هاوبەشیان [کەمەن] لەتەك سەراپای کەچبەران و پەنابەرانی نەتەوەکانی دیکەدا، هەیە. لەمانە: کەشەی زمان ، خانووبەرە، کار، خەمی خەزانی بەجەماویان. هاوکاتیش هەکاری سەرکی هاوبەشی نەوان هەموویان لە بەوپێکردنیان بە ئەم وڵاتانە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەکاری سیاسییە. زەرینەیان لەدەست بەندیکردن ، سەرکوتکردن ، نەبوونی ئازادیی و ڕاونانیان، بووە. بەرپاکردنی جەنگ دژ بە نەتەوەکانیان لەلایەن ڕوسیا و ئەمەریکا و وەتانی ئەورووپاوە ، یاخود ملکەچکردنی حکومەتکانیان هەر لە لایەن ئەو وەتانەوە تاکو ئارەزو و داخوازییەکانیان بەجێبهێنن، هەکارێکی سەرکین . هەموو ئەو گرفتانە تا ئێستاش لە نەوانی هەموو کەمایەتییە نەتەوییەکانا ، هاوبەشن و لە ئاراداان .
گەر تەماشای تەواوی ئەفەریقا، ڕۆژهەڵاتی ناوین ، ئاسیا ، خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و هەندەك لە وەتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا و باشووریی ئەمەریکا، بکەین تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەمە ڕاستییە.

لە کاتێکدا هەکارەکانی ڕاوکردنیان دەزانین بە تایبەت هەکاری سیاسی و جەنگ بووە بە بەهانەی وەتاکەیان و نیشتەجێبوونیان لەم وەتانە ، پرسیارێکی گرنگ سەرهەدەدا. بۆچی ئەم خەڵکانە لەم وەتانەی کە ئێستا تیایدا نیشتەجێن، تێکەڵاو بە سیاسەت نابن ؟ ڕەنگە هەکارێکی زەری جیاواز هەبێت، وەکو: هەموویان پاشخانێکی سیاسییان نییە ، هەمووییان کەشەی ئاوارەیی و چەشتنی ژیانی ناخۆشییان نابەستنەوە بە کەشەی سیاسی و سیستەمی هەنووکە و حکومەتکانی وەاتی نیشتەجێبوونیانەوە ،دەرك بەوە ناکەن کە ڕەنگە ئەوانە هەکار بن ، یاخود ڕەنگە ترس بێت لە هەر جارە هەشك، سەرکوتکردن لە لایەن هەر لایەك و دامەزراوەیەك بە حکومەتی ولاتانی خۆشیانەوە کە لەوێ هاتوون، زەرك لە کەشەی خەزانی ، بەوا بخەنبوون ، کەشەی کەمەایەتی، تا ڕادەیەك هەکارن . لە ڕاستیدا دەکرێت هەر یەك لە ئەمانە کەشەیەك بێت لە بەشداریینەکردنیان لە

سیاسەتا لەرێ . بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا هەر هەکارێك بێت، هەر پاساوی بۆشداریەنەکردنی لانی کەم خەڵکانێکی زۆر کەمیان نادات لەو کێشانەی کە ئەمڕۆ لەم وڵاتانەدا هەیەو سەرودێی ئەوانیش و خەزانیشیان دەگرێتەوە.

ئاوارێ و کێچبڕان لە هەر کوێیەکی ئەم دونیایەوە هەڵهاتبن بۆ ئەم وڵاتانە ، لە کاتێکدا کە هەکاری ئاوارێ بوونیان هاوبەش و چونیەکن ، بەهەمان شێوەش دووژمنەکانیشیان هەر هەمان دوژمنێ . هەکاری ئەو هەموو نەگبەتییەی کە بەسەر ئەوان هاتووە دەوڵەتێ لە ئەوروپا و ئەمەریکا و ڕووسیا و ئەوانی دیکە لەتەك دەوڵەتانی ناوچەکانی خۆشیان کە لەوێ هاتوون. ئەوە ئەم دەوڵەتانەن کە جەنگی جیاواز جیاواز دەخولقێنن ، لەشوێنی خۆیان هەڵیاندەکەنن، کەمەك و هاوکاریی گروپە تیرۆریستەکان و حکومەتە دیکتاتۆر و فاشیەکانی وڵاتان و وڵاتانی کە لەوێ هاتوون بۆ هەموو شۆیەك، لە داپڵەسینیانا، دەکەن. ئەوە ئەم دەوڵەتانەن کە بازرگانی چەك و تەقەمەنی لەگەڵ حکومەتکانیانا دەکەن ، ئەمانن کە سەرچاوەکانی ژیانیان لە دزیون، ئەمانن کە داخوازی جێ بەجێکردنی سیاسەتکانی دەزگە دراویەکانی نێو دەوڵەتی و کەمپانیا گەورەکان دەکەن و کەمکیان پەدەکەن کە بچنە ئەوە و تاڵانیان بکەن ، دیسانەوە هەر ئەمانن کە کار لەگەڵ کەمپانیا گەورەکانا دەکەن بۆ وەرانکردنی زەویەکانیان و کەمەنتیەکانیان، . هەر ئەمانن کە هەکاری خاپوری وڵاتیان و ڕاونان و ئاوارکردنیانن، کێچی دەرگاشیان بەووداد دەخەن . ئەی کەواتە بۆچی ئەم خەڵکانە ، خەڵکانی کێچبڕ و پەنابەر هەشتا هەر بەدنگن، تووڕەیی و هیوایان وەرناگەڕێنە سەر چالاکیەکی بەرهەمهێنەر؟ پێشتر من پێنجەم بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ چەند وەڵامێك ، ڕاکشا، بۆ دنیایەوە هەکاری دیکەش کە من لە ئێستادا پێیان پێنابەم، هەیە.

وەکو وتم ئەوانەی سەرەوە تەنها هەکارێك نین بۆ ئاوارەبوونی کورد و کەمە نەتەوایەتیەکانی تر، تاکو هانیان بدات دژی دووژمنە سەرەکیەکانیان، بجەنگن کە سیستەمێکە و هەزە تاریکەکانن . هەکاری تر هەن، کە دەنگە هەندێك لەمانە دەژانە ڕووبەرووی ببنەوە ، وەکو : نەژادپەرستی ، ناشیرین مامەڵەکردنیان ، هەڵاواردن ، نایەکسانی و نادادوەریی کەمەڵایەتیی.

لەم وتارەدا من تەنها جەخت لەسەر کورد لە تاراوگەدا دەکەمەوە سەبارەت بە چالاکیەکانیان و ئاڵانیان بۆ سیاسەتەوە ، ئەمە لە کاتێکدا زۆرێکیان زۆر چالاکن لە کێشەی کورددا. بەڵام ئەو

چالاکیانەیان فراوان ناکەن و گرێی نادڵنەوە بە خەبات و تێکۆشانیانەوە دژ بە دووەتانی ئێرە کە تیایدا دژین هەروەها لە کەمکردن و هاوکارییکردنی کەمپەینەکانی کە سەبارەت بە کێشە لۆکاڵی و نێودەوڵەتییەکان.

ئێمە هەموومان دڵنیین کە کەمانتییەکانمان لە بریتانیا لەژێر فشار و مەترسییەکی زۆر گەورەدان لە لایەن تەواوی لایەنگرانەوە کە لە دەسەڵاتدان : پارتی لیبەر [کرێکاران] ، کۆنزێرڤەتیڤ [موحافزین] و حوکمی هاوبەشی لیبراڵ و کۆنزێرڤەتیڤ. ئێمە لەژێر ئەم مەترسییەداین تا ڕادەی لە دەستدانی شوناسنامەشمان ، ئازادیی سیاسی تاکە کەسیمان، لەدەستدانی ئەوەی کە باو باپرانمان بەدەستیان هێناوە. بەڕاستی ئێمە لە بەردەم لە دەستدانی نزیکەی هەموو شتێکداین . با هەر تەنها تەماشای مێژوی ئەم سێ دەیەیە لە بریتانیادا بکەین، کە ئێمە هەندێکیانە: لە تەسککردنەوەی قەبارەی ئازادییەکانمان، دانانی زیاتر لە 15 ملیۆن کامیرای چاودێریکردنمان، سیخوڕیکردن بەسەرمانەوە لە شەوەی جیاجیادا، سەرکوتکردن و هەراسانکردنمان لە ڕێگایی پۆلیسەوە ، دەرکردن و جێبەجێکردنی زۆرێك لە یاسا لەژێر ناوی یاسای " دژە تیرۆردا" ، هەڵشکردنە سەر نقابە و مافەکانی کرێکاران ، گەڕانە بەردەوامەکانی یاسا و بگرەکانی سەراپای بیمە و مافی خانوبەرە و خزمەتگوزارییەکان، هاتنەسەرەوەی ژمارەی کەسان و خەزانی بە خانووبەرە، فرۆشتنی خانووەکانی شارەوانی ، زیاتر کردنی قوتابخانەی ئەکادیمی ، داخستنی بەشی منداڵبوون و فریاکەوتن (تەواریی) لە گەڵك لە خستەخانەکانا و هەوڵی بە تایبەتی کردنی خستەخانەکانی دەوڵەت و درێژبوونەوەی لیستی چاوەڕوانی بینینی دکتۆرەکان و کاری نەشتەرگەریی ، هەوڵشانەوەی پارەی خوێندنی خوێندکارانی زانکۆکان و کردنیان بە قەرز، زیادکردنی پارەی کارەبا و ئاو و غاز، سەرخستنی تەمەنی خانەنشینبووون ، زیادبوونی ئاستی پیسیی ژینگە، دانانی یاسای زیاد گرێبەست بە ئەوانەی کە کار دەکەن [واتە نەبوونی هیچ مافێك] ، هەبوونی 6.5 ملیۆن کرێکار کە هەقدەستیان لەژێر لانی کەمی کرۆیە، نزیکەی 4 ملیۆن منداڵ لە هەژاریدا، دژین . نزیکەی 600 هەزار کەس لەسەر بەخشینەوەی خواردن دژین کە بەشکیان کاریش دەکەن . بە کورتی ئەمە کێلایەتی مەدەرنمان هەیە و ئەم لیستە دەتوانرێت بە دێڕەها خاڵی دیکەش درێژبکرێتەوە.

ئەو گرفتانەی سەرەوە هەموویان یا زۆربەیان کارایی خۆی لەسەر

کوردانی بریتانیا وەکو هەموو کەمە نەتەوایەتییەکانی دیکە هەیە . هەکاریی هەژموونیشی بە هەی بوونی : قەوارەی گەورەیی خەزانییان ، گرفتی زمان، تێنەگەیشتن لە کارکردنی سیستەمی ئەم وڵاتە ، هەبوونی گرفتی خەزانی لەرە و لەوە، نەخشی سایکۆلۆجی و دەروونی و نەخشی دیکە بە هەکاری بارودۆخ و پاشخانی سیاسیانە و کۆمەڵایەتی و زۆرکی تر .
بە هەر کام لەو کەشانەی کە لەم وڵاتدا هەیە و لەسەرەوە ناوم هێنان لە هەموو شارەوانییەکان لە لەندەن و لە شارە سەرەکییەکانی بریتانیا گروپگەلێکی زۆر دروستکراوە و دەستبەکاربوونی کەمپەینێکی بە ئۆژماریش دژ بە هەژمەکانی حکومەت و کەمپانیا گەورەکان ، هەڵکخراوە . ئەم گروپانە دژ بە دەوڵەت و کەمپانیا گەورەکانن بەو ئامراز و هەڵگایانەی کە خەیان پێیان باشە ، لەم تەکەشانانەدا هەندێکیان زۆر سەرکەوتوو بوون . لەرەدا ئەوە دەبینین کە هیچ گومانێك نییە سەرکەوتنەکانی هەر کەمپەینێك لەو کەمپەینانە زۆر سووودبەخشترن بە کەمەنتەی کوردی و کەمەنتەی کەمە نەتەوایەتییەکانی دیکەش زۆر زیاتر لە خەڵکە بنەچەییەکەی [ئەسڵییەکەی] بەهەکاری بارودۆخی تایبەتییەوە.

کورد لەو ولاتانەی کە ئێستا لێی نیشتەجێن باشترە بەشداریی لەو کەمپەینانەدا لەڕیزی خەڵکانی دیکەوە بکەن. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە خەیان لە پەراوێزیی ڕزگار بکەن ، وەختی ئەوەیە کە ڕۆیکی گەورە لە کەمپەینە لەکاییەکان و وڵاتا بگێڕن ، کاتی ئەوەیە کە کەشکانی خەیان بەخەڵکی ئیرە لە ڕگەی چوونە ناو کەبونەوکان و بەشداریکردن لە خەپیشاندان و دەربەینی ناڕەزاییەکان بناسنن و هاریکاریی و هاوکاریی خەیان پێشکەش بە خەڵکە لەکاڵکە بکەن و هەمان شتیش بدەستبهێننەوە.
کورد لەرە دەبێت کەشکانی خەیان لە ئاستی لەکاە و وڵاتدا هاوبەش بکەن بیکەنە کەشێکی لەکاییی و وڵات. کردنی خەپیشاندان بە تەنها بە کەشی خەیان و هەر بە تەنها خەیان ، یاخود گردبوونەوە و دەربەینی ناڕەزایی تەنها بە کەشی خەیان و بەخەیان ، کردنی نەڕ نەڕ و قاو و قیژ ، بەرزکردنەوەی چەند دروشم و وێنەی ئەم ابەر و ئەو سەرکردە بە تەنها، کافی نییە . گەر چاوەوانی ئەوە بکەن بە تەنها کردنی ئەوانە و هەر بە خەیان ، وا بزانن ئەم چالاکییانە تەواو و بەسن کە لە لایەن میدیا و دەسەڵاتدارانەوە ببیسترێت، بە دەنیاییەوە نایان گەیەنێتە ئەو ئامانجەی کە هەیانە.
ئەگەر دەیانەوێت دەنگیان لە لایەن خەڵکەوە ، لە لایەن دەوڵەت و دەسەڵاتە لەکاییەکانەوە ببیسترێت ، ئەوە دەبێت تەکەڵە بە کەمەی

ئەڕۆ ببن تاکو سەز و کەمەك و هاریکاریيان حاسڵ بکەن . ئەوە ڕاست نييە کە چاوەڕوانی خەڵك بکەيت کە يارمەتيت بدات بەڵام خۆت هيچ يارمەتييەك نەدەيت ، ئەمە لە کاتێکدا دەزانين کە هەموو کەسێك بەری بردەنەوەی کەمپەينەکان دەچنەتەوە .
لەگەڵ وتنی ئەوانەی سەرەوشدا ئەمە مانای ئەوە نييە کورد لەڕە کێشەکانی خۆيان پشتگوێ بخەن و چەق لەسەر ئەو کێشانەی کە لەڕە هەن ، ببەستن . بەڵام ئەمە ڕاستييەکە گەر بتەوێت کەمەک و هاریکاریی زياتر بەدەستبهێنيت ، دەبێت لە چالاکييەکانی ئەو وڵاتەی کە لەی نيشتەجێيت بەشداریی بکەيت . خەڵکانی کورد دەبێت دەرک بەوە بکەن کە هاوکارانی دوژمنەکانيان لە وڵاتانی خۆيان ، دەوەستە لەڕە و کەمپانيا گەورەکانە . چەندەك دەوڵەت و کەمپانيا گەورەکان لەڕە لاواز بن ، حکومەتی وڵاتانی خۆشيان لاواز دەبن و کێسەکانی ئەمانيش بەهێزتر دەبێت سەرکەوتنيش بەسەردوژمنەکانيانا خۆڕا تر دەبێت.

بايخنەدانی کورد بە کێشە سياسييەکانی لەکانی و وڵات نەك هەر لە بريتانيادا کەشێ ، من لە هەگای هاوڕێيان و برادەرانەوە ئەوە دەزانم هەمان کێشە لە وڵاتانی ديکەی ئەوروپا و ئەسکەندناڤيا و ئەمەريکا و وڵاتانی تريش ، هەن ، کە بە دەگمەن خەڵکی کورد بەشداریی چالاکييەکان دەکەن ئەگەر بزانن ئەو چالاکييانە ، سەبارەت بە کێشەکانی خۆيان و وڵاتانيان نييە .
لەڕە ، لە بريتانيا، بەتايبەتی لە لەندەن کە من بە ماوەيەکی درێژە لێی دەژيم، ئەوە دەزانم کە زۆرەك لە شارەوانييەکان، کورد تيايدا ژمارەيەکی گەورە پێکدەهێنێت لە نەوانی کەچبەران و و پەنابەرانی نەتەوەکانی ديکەدا. لەو شارەوانييانە کێشەی گەورە گەورە هەيە و کوردیش ڕاستەوخۆ ياخود ناڕاستەوخۆ هەوڵبەوی دەبێتەوە، کەچی هەشتا کورد لەوەدا بە دەنگ و چاوی تەنها خستەتە سەر شتە تايبەتييەکانی خۆی، وەکو ئەوەی کە ئەو گرفتانە هيچ پەيوەندييەکيان بەوانەوە نەبێت.

Zaherbaher.com
ئۆکتۆبەری 2017

ژن و پیاو لە هونەری کاریکاتێردا … هەندێن خشناو

هەروەک ئاشکرایە هونەری کاریکاتێر هونەرێکی کاریگەر و زیندووە، و کاریگەری خۆی هەیە لەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا جیا لە هونەرەکانی تر. یەک لەو بوارانەش کە کاریکاتێر کاریگەری خۆی هەیە لەسەری بواری کۆمەڵایەتیە، بەتایبەتیش لەسەر پێوەندی نێوان ژن و پیاودا.
هونەری کاریکاتێر پێوەندیەکی یەکجار زۆری هەیە لەسەر پێوەندی نێوان ژن و پیاودا، روخسارەکانی پێوەندی ژن بە پیاوەوە راگیردەکات، لە رووی تونددوتێژی و راکێشان بەلای یەکتریدا و دەستاتداریەتی و خەسڵەتاندن و چاودێری کردن و سەرداری کردن و هەروەها ملکەچی و خۆبەدەستەودان لەلایەن هەردوو رەگەزەوە.

چەندین توێژینەوەی زانستی ئەو کاریگەرییەی هونەری کاریکاتێریان وەدەرخستووە و سەلماندووە لەسەر پێوەندی نێوان ژن و پیاوەوە، جا بە ئەرێنی یان نەرێنی بێت. کاتێ کە بزانین لە رەگەی ئەو هونەرە زیندووە کە هونەری کاریکاتێرە، رۆژنامەگەریی دەتوانێت وێنەیەک یان چەند وێنەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی لە خەیاڵ و ئەندێشەی هەردوو رەگەزدا بچەسپێنێت لە ئایندەدا.

زۆر جار بیستوومانە کەوا وێنەیەک کاریگەریی زیاترە لە نووسین، ئەوەشمان بیستووە کە وێنەیەک جەشوێنی هەزارەها ووشە دەگرێتەوە، نەخاسمە ئەو وێنەیەش تابلۆیەکی کاریکاتێریی بێت. کە یەکێک لە خەسڵەتەکانی کوورتی و چڕی لە مانا بەخشینە، و تواناج و تەشەری گەیەنەری هاوشانی وێنە کاریکاتێریەکە و چەندین هەکاری تری سەرنجڕاکێش و کاریگەریی ئەم هونەرە لە هەموو جیهاندا وەدەردەخات، بە تایبەتی لەنێو ئەو کۆمەڵگە و گەلانەی کە حەزیان لە نوکتە و گەیەنەری و تەنز، ئەم هەکارانەش بەکاردێنن بە دەربڕینی ئەو هەستانەی کە ناتوانن راشکاوانە دەریانببڕن.

پیشاندانی مەسەلەی پێوەندی نێوان ژن و پیاو لە روانگەی هونەری کاریکاتێرەوە، توانی سەرنجی بینەران بۆ تووندی رابکێشێ بۆ خەسڵەت و سیفەتەکانی هەردووکیان بە تایبەتی ژن، بە نمونە توێژینەوەیەک لەسەر هەمان بابەت، لە وەتانی ئەوروپای رۆژئاوا و وەتەیەکگرتووەکاندا ئەنجامدرا، ئەوەی وەدەرخست لەو کۆمەڵگایانەی

کە ئەو ژنانەی دەیانەوێ سەد دەر سەد وەک پیاو بن، و لە هەموو شتێکدا لاسایی پیاو دەکەنەوە، تەنانەت لە جلوبەرگ و قژتاشین و جگەرەکێشانیشدا، کاریکاتێریستان ژنانیان وا نیشاندەدا، کەوا خاوەن ماسوکەی گەورە و پتەون و مووداڕن و ورگن و ناشیرین و زمانیان تونڊ و خوێست و خەسڵەتنەڕن بەسەر پیاوان و هاوسەرەکانیاندا، هەورەها زەرجاریش بە مادی و پووکی و حەز لە خەرجکردنی پارەی پیاوەکانیان دەکەن بە شێوەیەکی رادەبەدەر، لە بەرامبەریشدا پیاو لە کاریکاتێرەکاندا وا بەدەردەکەوتن کە ملکەچن و گوێایەڵی داخوازی ژنەکانیانن و لە ژنەکانیان دەترسن و ڕەمانسین و فیداکار و خانەویستن لە پەناو هەنانەدی ئامانجی ژنەکانیان، تا رادەی گەلی و دەبەنگی، بەتام لەلایەکی تریشەوە لە بەرامبەر ئەو خەسڵەتانەی ژنەکانیان، پیاوان چاو لەدەڕن و دەستبازی و چاوبازی لەگەڵ ئەم و ئەودا دەکەن، تەنانەت لەگەڵ خزمەتکارەکانیشیان پێیوەندی دەبەستن.

ئەو توێژینەوانە ئەوەشیان وەدەرخست کەوا هونەری کاریکاتێر وەک مادیەکی هونەریی و بیروڕا دەربڕین، وەنێیەکی هزری و زرنگی وا پیشاندەدات، بەهەی دووبارەکردنەوە و نمایشکردنی ڕۆژانە لە ڕەنامە و گۆڤارەکاندا، ئاراستەکانیشی ڕووەو کەرتەکی گەورە و کاریگەریی کەمەگە بڕوودەکات، ئەویش ئافرەتە بە شێوەیەکی گشتی و هاوسەر و خزانیش بە شێوەیەکی تایبەتی، هەروەها کاریکاتێر وەنێیەکی ناشیرین بە پیاوانی ئەو کەمەگایانەش دەنەخشێنێت، کە وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر ئەو خەسڵەتانەی ژنانی ئەو کەمەگایانە کە هەیانە، ئەمەش وایکردووە هەردووڵا لە شێواز و ڕوخساری سروشتی خۆیان دەرچن و لادەن. تەنانەت ئەمە ئاگەر بە گاڵتەجاڕی و کەمیدیاشەوە بێت، هەر ڕووە خراپەکانی ئەو پێیوەندیە گرنگەی نێوان ژن و پیاو دەخاتەڕوو کە لەم کەمەگایانەدا هەیە، بەهەی پێچەوانەبوونەوەی دەخەکان، ئەمەش بەتە هەی ئەوەی کە بە زەقی لە هونەری کاریکاتێردا ڕەنگ بداتەوە.

ڕەنگدانەوەی پێیوەندی نێوان ژن و پیاو لە هونەری کاریکاتێردا، هاوڕا و هاوشانە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوە کەمەایەتیەکان کە تەکچوونی پێیوەندی نێوان ژن و پیاو وەدەردەخەن لە کەمەگادا، و ڕۆژیەکی مەترسیداریشیمان نیشان دەدەن لە دیاردەی تەاقدان و دەست لەیەک بەردان تا ڕادەی زیاتر 40%، تەنانەت ئاگەر بزانین لەم کەمەگایانەدا پیاوان باجەکی زەر دەبەخشنە ژنان لەکاتی تەاقداندا، کەچی ئەمەش نابەتە ڕێگر لەبەردەم زیادبوونی ئەم

دیاردەیە لەم کۆمەڵگە پشکۆتووانە لەرووی تەکنەلۆژیاوە و دواکەوتوانەش لەرووی کۆمەڵایەتی و پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە.

کەس ناتوانی هونەری کاریکاتێر تەماتبارکات بە پیشاندانی ئەم بوارە گرنگە، ئەویش پێوەندی نێوان ئافرەتان و پیاوانە، بەڵکو ئەو پێوەندیە ناسروشتیەی نێوان ئافرەتان و پیاوانی ئەم کۆمەڵگایانە، وایان کردووە کەم بوارە زەر بزەقی لە هونەری کاریکاتێردا بەرچاوبکەوێت.

عەلی عەبدوڵاکانی یەکێتی و کۆنگرەی چوارەم … عەلی مەحمود محەمەد

لە ناوەڕاستی چلەکان پارتی لە لایەن دوو گەنجی مارکسی کوردەوە دامەزرا بە ناوەکانی هەمزە عەبدوڵا و عەلی عەبدوڵا, هەمزە عەبدوڵا لەساڵی 1959 مەلایی و جەلالیەکان پێکەوە کودەتایان بەسەریدا کرد و لە سکرتێری لایانداو کەتاییان بە ڕێڕەوی پشەنگی لە ژیانی سیاسیدا هێنا, عەلی عەبدوڵا مایەوەو بەردەوام بوو تا لە کۆنگرەی 13مینی پارتی کە لە 12 بۆ 18ی نۆڤەمبەری 2010 بە بڕیاری 1501 کەس لە شاری هەولێر بەسترا دوای 11 ساڵ لە کۆنگرەی 12ی, کشی لەکرا و لە جێگیری سەرکی پارتی وەلا نراو ئیتر ببەای ببە لەناو پرسەی سیاسی کوردستان نەبینرایەوە, تەنانەت وا لە سیاسەت غەریب ببوو لەکاتی بڕیاریکردنی لە ریفراندەم بە پێنجەمرکردنەك راچڵەکی, لە کۆنگرەی 13ی پارتی 13 بارزانی پیاو بە کۆمیتەی ناوەندی دەرچوون دەیکردە 23%ی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی,ترس هەیە لە گەڵ هەر کۆنگرەیەکدا ژمارەیەك زیاد بکەن, سەرجەم پلە سیادیەکانی حیزب و حکومەت لە پشکی پارتیان گرت, پەرلەمانیشیان بە حەزلەکرانی شڵەژانە و دەرچوون لە کەناڵەکانی راگەیاندن بڕجە هەشت, کۆنگرەی 13 یەکەم کۆنگرەی پارتی بوو لە دوای روخانی بەعس و فرەشتنی نەوت و بارینی دۆلار بەسترا,لە 2003 وە حیزب لە کوردستان بووە ئامرازێکی گرنگ بە دەستکەوتی

مادی, کورسی و دۆلار دەست لە ملانێی یەکتر بوون و چینێکی سەرمایەداری ئلیگارشی گەندەڵی بەهێزیان لە کوردستان بەرهەم هێنا, کە ئێستا کایەی سیاسەتیان لە هەردوو بەرەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن کۆنترۆڵ کردووە, بەبێ بارزانییەکان لە ڕەگای کۆنگرەی چوارەوە ویستیان شەرعیەتی دەسەڵاتی حیزبی بدەنە خۆیان و جومگە گرنگەکانی حیزب کۆنترۆڵ بکەن خۆیان بیاردەرو جێبەجێکەر بن لە یەك کاتدا.

لەم ڕۆژانەدا مشتومڕ گەرمە لەسەر بەستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی لەسەرەتای ساڵی 2018, کە بە ماوەی 8 ساڵ ئەم حیزبەش وەك پارتی کۆنگرەی نەبەستووە, گەرمبونی باسی بەستنی کۆنگرەی ینك بەدوای ڕوداوە تاڵەکانی کەرکوك تەوە گلانی چەند کەسایەتیەك لە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو تاڵەبانی دێت لە گرتنەوەی کەرکوك, ویستیان لەو ڕەگایەوە پێگەی خۆیان بەهێز بکەن, وەلێ شانس یار نەبوو ڕوداوەکان پێچەوانە کۆتنەوە, کە ئێستا لە دەرەوەی شەرعیەتی حیزبییەوە یەکێتی بەتەوە دەبەن و بەیارە کاریگەرەکانی دەدەن, ئەم باڵە جگە لەوەی ئابووری و ڕێکخستن و سپۆنسەری ینك واتا ئێرانیان لە پشتە , هاوکات دەزگا هەواڵگرییەکان و هێزی مەعنەوی بنەماڵەشیان لە پشتە کە لە مانگی ڕابردوو لە کەچی تاڵەبانی زەرترین جەماوەری کورد لە مێژووی باشوری کوردستاندا بەشداری بە خاك سپاردنکەیان کرد.

تاڵەبانیەکان لە بەرەی ئەنجومەنی ناوەندی و ئەنجومەنی سەرکردایەتیەوە فشاریان دروست کردووە کەمپەینی بەهێزیان پێکەوە ناوە بە بەستنی کۆنگرە لە سەرەتای ساڵی داهاتوو, بەتایبەتیش لە ئێستادا کەسرەت کە دوا کارەزمای ناو ینك ە نەخۆشە, هاوکات پسپۆری کتلەکاریشە, بەبێ جادەیان بە چەکراوە کودەتایەکی نەرمی سپی ڕەنگ لەناو ینك ئەنجام بدەن بە بوونی تارمایی کەسرەت, کە بە دووەم دامەزرێنەرەوەی ینك دەتە ژمارەدن لە دوای 31ی ئاب, لەڕەدا دەپرسین ئایا کۆنگرەی ینك یش وەك کۆنگرەی پارتی بە چونە پێشەوە هەردوو بنەماڵەی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد و بە دەستەوە گرتنی جومگەکانی دەسەڵاتی حیزبی کەتایی دێت؟,ئیتر ئەو ڕۆژە دەتە پێشەوە, سەقیەکان لەناو هەڵی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بگرن؟, لە کۆنگرەی چواری ینك چەند نازناوی تاڵەبانی لە ڕیزی یەکەمە دەرچوکانەوە دەبن بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی و چەندیان لەسەر کورسی مەکتەبی سیاسی و کەسی یەکەمی حیزب دادەنیشن, ئایا کۆنگرەکە دەکەنە کودەتا بەسەر عەلی عەبدوڵاکان ناو ینك و چەند عەلی عەبدوڵا و مەلا قادر دەنێرنەوە بە ماڵەوە لە سیاسەت

خانەنشینیان دەکەن؟, چەند مانگێك ماوە و چاوەڕوانی دووەم پارتی بنەماڵە بن لە کوردستان, ئەگەر لە جیهان کەمپانیا بنەماڵەییەکان باون, ئەوا لە کوردستان لەبەر ئەوەی سیاسەت باشترین ئامرازی پەیدا کردنی پارەیە لای ئەلیگارشییەکان, ئەوا پێك هێنانی حیزبی بنەماڵە پرسیەکی زۆرورییە.

دەم وەك نیشتیمان تۆرا و لە کاولەی روح داڕدەی نییە ... چنوور نامق

لەنەخشەکەت بمسڕەوە
چیتر ئەو شارە دوورە نیم
ئەستێرەکانی بینینت زاخاو بدەن...
لەشاری عەشقم دوور کەوە
خەون بەماچی بیرەوەرییەوە مەبینە
من شارەکم پێ لەتاوان و
لەکوشتن
لەناپاکی.....
پەنایەکم لە بێ پیاوە زلهێزەکان
هەموو ساتێ دەستم هەیە لەکوشتنی خەونی مانگ و
لێکردنی چاوی منانی شار و
چێکردنی ئاوەدانی و
شکاندنی دڵی ئازیز.....
لە نەخشەکەت بمسڕەوە
دەم وەك نیشتیمان تۆرا و
لە کاولەی روح داڕدەی نییە!
قەفەسەکم ئاوازی هەڵبەستەکەی خەم ئەشارمەوە
نێتەکانی ئەکەمە قوتوی ژەنگاوی و
ئەیدەمە دەم دەریای بیری پوچەڵەوە

لەنەخشەکەت بمسڕەوە

ئاسمانێکم پێم لە گرمەی هەورە پیاو
تاوانبارێکی بێ مانام
تا ئێوارە سەماکانم لەژێر پەردەی عورفی سپی ئەشارمەوە
تاکو سەحەر پێکی خەم ها بەدەستمەوە و گێرانی خۆش ئەخەمەوە
تاوانبارێکی بێ مانام دەستم هەیە
لەچێکردنی دێی یار و ئاوەدانی
لەنەخشەکەت بمسڕەوە !

27-11-2017

ڕەنگە دواییــن نـــامەی تەمەن بێت..! ... سەروەرکەریم

مردن دواین هەناسەی مرۆڤە نازانی ،لەکوێی زەماندا بیسپێرێ ..من نازانم بەدبەخت ئەم نامەیە بنوسم ..دەماوەت بێم بۆلای ناوکم ،یان هەستێکی سەیرە .دایم چاوەڕێم دەکات بەرلەسپاردنی دواین هەناسەی پەڕوکانی هەڵبڕی و تەماشایەکم بکات بزانێت من هەر کەمنیستەکەی جارانم ..یان پێشیمانم؟ ..ئاخر دایکم هەرگیزنەیزانیوە کەمنیزم چی یە ،یان بە نوێژدەکات .ئەو تەنها دەزانێت لەیزدانی خۆی بپاڕێتەوە ئەمباش بین ..ئەوە دێی ئەوە .تەمەن سەبوری بێت بە ئازارەکانی ..
ئیتر دەبێت بوونی فیزیکی ئەمە کۆتایبێت ،سەرتایەکمان دەست پێکرد بە ژیانی ئینسانی نەگەیشتین ،ڕەگاکانمان تارومارکرد ،بەبرسێی هەژاری خەباتی بەردەوام ئازاردانی دڵی هەمووان ..دایک باوک هاوڕێیان نەگەیشتین ..ئەمە هەڵە نەبووین ،وڵی نەگەیشتین .
ئەم ژیانە زۆری پێناساندنی ،لەهەموجۆرەکان ،لەبەد بەخت و سەرسەریەکان.بەدبەختەکانمان خۆش ویست وسەرسەریەکانمان بژیانی خۆیان ناسی ،بەڵام هیچمان نەکرد جگە لەخۆشویستی ئەوان ..ژیانی هەموان بەد تر بوو کاسەی پریانمان خاڵی کرد،ئومێدیانمان بەبابرد ،بەدرەکانی شەڕش و ڕزگاری .دایکم زیاتر لەچارەکسەدێک بەهیوای ژیانێکی شایستە بوو ،بۆلام ئێستا بە ئاوکارەبا و بە نان چاوەکانی کزبوون ،جێستەی لاواز.نەک نەگەیشت بەوانە ..ئێستا پیرەکەنەفت .

ئەوەمانەی خەمان پێ شکستبوو دەبووینە پاڵەوانی ڕەمان و چیرۆکانی شکستی و نواندنی جەراو جڕمان دەکرد ..واماندەزانی بەیانی کۆتایی بێ نادادی دێت و هەمووان ،لەبەری خوێنکانی ئەم دۆخەن و ستەم کۆتایی دێت ..ئەوانە تەنها خوێنی پاڵەوانانەی دەنکیشەتی بوو،بێ سەمشەری دارینەوە بەوامان وابوو کۆتایی بە نەهامەتیەکان دەهێنین .
زەمەن دەڕوات و ژیان بەدترد بێت و هیچمان بۆئاگا ناهاتینەوە ،کۆئەمە جگلە لەخۆبەپاڵەوانکردنکی وەهمی دەست و پێ سپی خۆبەشکستکە هیچی ترمان بێ ژیانی شایستەی ئینسانکان دەست نەخست .بێ هەموو شکستکانیشمان دنیایەک درەمان هەک دەخست و خەمان بێ بەری دەکرد ،لەوەی کۆئەمە جگە لەژیان ،لەناو وەهمی پاڵەوان و شکستکەی دا هیچی تر نەبووین .

چەند بەدبەخت بووین ،کاتێک دایکمان دەیووت هەتا ئاخر ژیان پێویستی بەنان و ئاوکارەبا و خۆش گوزەرانی هەژانەهایە ،ئەم پاڵەوان بەهەشتی وەهمیمان پێدەدان و ،لەچاوەڕوانی بەگەیشت بەژیانێکی شایستە دا ماندەگرت و ئەوانیش هەژدوای هەژ ،بەرەو پێری و هەسوەرین دەیشتن و نەیانتوانی لەزەت ،لەیەک هەژی شایستەی ئینسان وەرگرن و جێستیان لاوازترو چاوکانیا ن کزتر و هەنگیان زەردتر دەبوو.
ئەمەی پاڵەوان هەستمان بێو هەموو ئازارێ نەدەکرد و هەربەشوێن وەهمی شکستوە بووین ..ئاستی ئەوە بوو ئەمە شکستکەو پاڵەوانی هەربەناوو بووین ،بەژداری کردنمان لە کاری شۆشدا تەنها نمایش و خۆبەناوکردنی گەورەبوو..

نەمان توانی بێ زیاتر لەچارەکسەدیەک بچوکترین گەڕانکاری بەخواستی دایکەکانمان بکەین ،ئەوەی دەگەڕا وەرزانێ ژیانی دایکەک هەدەورەی و لەسەر نەخشەی بوون دەسەایەوە ،بەبێ ئەوەی هەژەک بگاتێ ئەو وەهمەی ئەمە بەمان دروستکردبوو.
بەدبەختی لەوەدا بوو هەموومان خەمان دەشاردەوە ،لەحەقیقەت و هەمیشە بشاردنەوەی وەهمی شۆشکەیمان چیرۆکی پاڵەوانی ناوەمانەکانمان بێ دایکەکانمان دەگەڕایەوە فریومان دەدان بەزگاری و ئاسودەیی .هەرگیز جارێک نەمانتوانی بەدایکەکانمان بڵێن ئەمە جگە لە دروستکردنی وەهمێک لە خەیاڵدانی ئەوەدا ،هەرگیز ناتوانین ببینێ پاڵەوانی ڕاستقینەوە ژیانی ئاسودەو ئارام و شایستەتان بێ دروست کەین .

ژیان بەردەوامەو درەو وەهمی پاڵەوانکانی بەناوشۆشگەر بەردەوامە

،هەرجارێ چیرۆکێکی دردەبەخشتە دایکان و ناتوانێت بڕێنی دریێنێی بەهەشتی ئاسودەیی و ژیانی شایستە بدی بهێنن ،چونکە قەت دەنکیشەتی خاوەن شمشێری دارینە نابەتە پاڕەوان و کۆتایی بە نادادی بهێنێت و دایکەکان بەژیانی شایستەو ئاسودەیی شاد بکات.

هەڵەندا

تێبینی :
ئەم نامەیە تەنها گوزارشتێکی سادەیە بە ڕوانینی پاڕەوانە سادەکانی ژیان ،کە چەکی دەستیان بە ئازادی دادپەروەری چەکی دەستیان تەنها شمشێرە دارینەکەی پاڕەوانی ڕومانی دەنکیشەتێی سەرقانتسە.

بەم شێوەیە سزای خیانەتکاران دەدرێت؟ … عیماد عەلی

خەتەرناکترین دوو ڕوداوی ئەم چارەکە سەدەیەی دەسەلاتی کوردستان، 16ی ئۆکتۆبەر و 31ی ئابە و هەریەکەو بەجۆرێك لێیان دەروانێت. نەوەکانمان بە چی چاوێکەوە تەماشای دەکەن و چۆن سزای بکەرەکانی دەدەن . دوو بەرواری زۆر سەیر و ناوەخن هەمەجۆر و بۆچون و مەرام و ئامانج تێکەڵ و هاوشێوە و جیاواز لە یەك کاتدا. چۆن پێناسەی بکەیت و ناوی چیی لێ بنێیت؟ کەتن یان ناپاکی کەوتن یان هەرەس و دەستکۆشان یان ڕیبەر و خۆخەتاندن و ڕقەبەری ڕکابەری یان ململانێی حزبی و بنەماڵەیی و کەسی؟ ئەمە و چەندین پرسیار کە پێویستە بە جوانی دراسە بکرێت و بخرێتە بەردەم نەوەی نوێ بە ئەوەی توژینەوە لەسەر پەروەردە و ئەخلاق و ئەدەب و فکر و بۆچون و مامەڵەی کەسانی هەمەجۆری سەر ساحەی سیاسی کوردستان لەمەر ئەم دوو ڕوداوە لە گەڵ پرسی کوردا بکەیت کە لەڕووی ئەدەب و ئەخلاق و پەروەردەوە چۆنن و چۆن تەماشای پرسی کورد دەکەن.

بەڵام ئەوەی یەکلایین و هیچ گومانی تێدا نیە لەوبارەوە کە کاریگەریە بەردەوامەکان و ئاسەوارە فرەلانەکانی لە یادەوەری و ویژدانی میلەت و مێژووەکەیدا دەمێنێتەوە. جیاوازیەکی گەورەی ئەم

دوو رووداوه ئەوەیە کە یەکێتیان بکەرەکەی بەهێزتر و دەست فراوانتر کرد و شاریکی گەورەی کوردستانی خستە ژێر رکێفیەوە و قازانجێکی حزبی لێکرد و ئەویتریان بکەرەکەی هەرچەند کەمەك سەرلێشێواو و ناخاڵە بن بەستام خۆیان و حزبەکەیانی لاواز و پەرشوبڵاوتر و لاتەریك کرد و شارێکی گەورەیان لەدەستی حزبەکەیان دەرکرد و زیانێکی گەورەیان لێکرد.
بۆ تێپەراندنی ئەم قۆناغە راگوزەرەی ئەم کاتە ئەولەویەتی سەرکردایەتی کوردستان چیە و حزبەکان چی بکەن بۆ پەندوەرگرتن لەم دوو رووداوە قۆزەونە بۆ دووبارە نەکردنەوەی. ئایا هەڵسەنگاندنی ئەکادیمی و زانستیانەی بۆلایەن دادی گەل دەدات یان گرنگ و پیویستە کە قسەکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە دوابخرێت و ئەمەش وەك 31ی ئاب دۆزە بدەرخانە بکرێت و بە پێچەوانەوە لێکبدرێتەوە سەرەرای ئەوەی رۆژنامەکانی عیراق بەگەی یەکلاکەرەوەی خیانەتی 31 ئابی دەرخستووە و تا ئێستا بەگەی ئەو ریککەوتنە ژێربەژێرەی هەندێ ناخاڵەی بوغرای 16ی ئۆکتۆبەری دەرنەخستووە جگە لە قسەو چاوپێکەوتن و لێدوانی سەرکردایەتی حزبەکان لەمەر ئەو کردەوە زێر قۆزەونە، کە تا ئێستا ناتوانیت باڵێت پێناسە و ناوی راستەقینەی چیە، سەرەرای ئەوەی زیانەکانی لە 31ی ئاب زێر قورستر و زێرتر و کاریگەرتر و قوڵتر بوو لەسەر گەلی کوردستان بە گشتی. ئەوەش روونە کە ئەم کەمەڵە خۆ بە بەرپرسزانە لە ناخیاندا پشت بە رکابەری و کێنەقین و ململانێی نابەرپرسانەدەبەستن و بە رەفتاری هەرزەکارانە و بە دوور لە دوربینی و بەرژەوەندی باڵا و خەتی سوور و لەبەرچاو نەگرتنی خودی قەزیەی گەلی کورد بەگشتی و بە خۆلبینی حزبیانەی تەسك رەفتاریان کرد و میلەتیان بەم دەردە برد .

بۆیە پێویستە هەردوو رووداوەکە وەك خۆی و زانستیانە هەڵسەنگێنرێت و بخوێنرێتەوە و کێن و تازە بەیەکەوە ببەسترێتەوە و دەرئەنجامە گشتیەکەشی لەسەر کۆی پرسە سەرەکیەکە وەك خۆی دەربخرێت و سزای شایستە و تایبەتی خۆی بەسەر بکەرانیەوە بسەپێنریت.
لەلایەکی ترەوە، هەروەها زێر پێویستە لەگەڵ بکەرانی راستەوخۆی هەردوو رووداوەکەش سەرجەم ئەو هەڵسوکەوت و رەفتارانەی ناخاڵەی رق وکینە لە دڵی بەناو ئۆپۆزسیۆنیشمامەڵەی دروست بکرێت و سزای تایبەتی خۆیان وەربگرن، کە جگە لە دژایەتی و بەدوور لە پرسی کورد و کوردستان هیچ شتێکی تریان لە کەلەدا نیە و، ئەوانیش بەقەد زیان و زەرەر و رەفتارەکانیان لەبەردەم داداگای میلەت ملکەچ بکرێن، ئەگینا ئەو رەفتارانەی کە دەستی عەبادی واڵاکرد بۆ زیاتر قوڵبونەوە لە سزادانی گەلی کوردستان و تەنانەت ئیهانە کردنی کورد

ڕەفاری ئەم تەسکبین و کورتبینەی ئەم ناخانەن، کە بزانن یان نا کەوتونەتە خانەی دوژمنانی کوردەوە و بە هەمان شێوەی خاوەنەکانی 31 ی ئاب و 16 ئۆکتۆبەر شایانی دادگایی کردن و سزادانن و پێویستە نڵێ پاك بکرێتەوە، بە هەموویان بی جیاوازی. پرسیارەکە ئەوەیە، کە ئەمە بکرێت ئەلەتەرناتیفەکە چی دەبێت؟

بێگومان لەم کاتەدا ناتوانرێت لەسەر ئەرزی واقیع ئەتەرناتیڤکی ریشەیی ڕەها و کتوپر لە بری گەندەکاران و بێ دەردانی گەورە و پشێوی دروستکردنی ئەم دەسەاتە دابنرێت و بەم کەرەستانەوە سەرکەوتو بێت کە سەرجەم بنەما و پێداویستیەکانی بەرەوەبردن لە لایەن دەسەاتی ئێستاوە قڕخ کراوە و ناتوانرێت دەستەبەری ئەوە بکەیت کە بە ئاسانی دەستەبرداری ئەو بنەمایانە بن و، لە لایەکیە ترەوە لەم کاتەدا وەاتانی دەرەوەش مامەڵە لەگەڵ ئەوان دەکات لەم قۆناغە راگوزەرەدا و بێ ئەم ماوە زۆر کورتە ئەتەرناتیڤی نوخێیی زۆر عەمەلی نیە و تاوەکو هەبژاردن جێبەجێناکرێت. بۆیە سەرجەم کارتەکانی کوردستان کەوتۆتە دەست میلەت کە لە هەبژاردنی داهاتوودا ئەڵتەرناتیڤی واقعیانەی راستەقینە بخەنە بەردەست و ڕێگی ئەم حزبانە بە ئاشتی و بە دەنگدان وسندوقەکان نەهێڵن و گۆڕانکاریەکی تەواو عەیاری ملیانە بکەن، هەرچەند ڕێژەییش بێت. ئا لەو کاتەشدا دەتوانرێت دەستڕێشتوانی خیانەتکار لەبەردەم گەل و نیشتمان و دادگایەکی دادپەروەردا سزای شایستەی خۆیان وەرگرن .

کۆمەڵە کوژی کوردان لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتیەوە

کتێبی کۆمەڵە کوژی کوردان لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتیەوە لە لایەن بەڕێز (ئیبراهیم فەرهەندنیا)ەوە نووسراوە بەزمانی فارسی و لە ئێران بڵاو کراوەتەوە.
بابەتەکانی ئەم کتێبە لەسەر داعش، سەدام و دەرسیمی تورکیایە.
شایانی باسە ئەمە یەکەمینجارە کتێبکی لەم شێوەیە سەبارەت بە جینۆسایدی کورد لە ئێران دەنووسرێت و بڵاو دەکرێتەوە.

نووسەر دانیشتوی شاری مەریوانە و خوێندکاری ماستەرە لە یاسا نەو دەوڵەتکان.



ئاگاداریەك بۆ گشت كوردانی ئەنتاریو و تەرەنتۆ...

بە ریزان دوای سلاو و ریزیکی بە رز لە هە موو لایکتان, کۆمیتە ریکخستنی هە لمە تی فریاکە وتن لە قوربانیانی بوومە لە رزە کە ی رۆژهە لات و باشوری کوردستان . ئە م هە لمە تە کە لە رۆژی 14 مانگی نۆفە مبە ر وە ک دە ستی پی کرد بوو و لە 19 نۆفە مبە ر کۆتایی پی هات ,,لیرە دا بیمان باشە کە ئاکادارتان بکە ین کە بری یارمە تیە کان بە کۆی (29,643.00)دۆلاری کە نە دی بوو, ئە ندامانی کومیتە ی ریکخستنی فریاکە وتن بە کۆ دە نگە وە بریاریان دا کە بری ئە و یارمە تیە رادە ستی هاوریانی بنکە ی کولتری ئە نە

تؤلیا(که ریکخراویکی خیرخوازی باوه ر بی کراوه له لایان حکومه تی که نه داوه ,,واته ریکخراوی ACF)که ئه وانیش(واته ACF) به ریگای خؤیانه وه یارمه تیکه بگه ینن بؤ جیگای مه به ست بؤ یارمه تی دانی خه لکی لی قه وماوی رؤژهه لات و باشوری کوردستان …ئه م ده رفه ته به ده ست ئه هینین بؤ سوپاس کردنیکی بی پایان له گشت ئه و ئازیزه خو به خشانه ی که به دریژای گشت ئه و روژانه کاتیان دانا و زه حمه تیان کیشا له پیناوی ئه م هه لمه ته گرنگه دا, هه روه ها زؤر گرنگه سوپاس و ده ستخؤشی ریز خؤشه ویستی خؤمان ده ربرین ئاراسته گشت ئه و خه لکه ئازیزانه ی یارمه تی دارایيان پیشه که ش کرد به مه بستی فریاکه وتنی خه لکی ئازیزی کرمانشان و سه رپیلی زه هاو و ده ربه ندیخان,,له کؤتایدا سوپاسی هاوریانمان ده که ین له ریخراوی(ACF) که ئه رکی ناردن و دابه شکردنی یارمه تیکه یان به ئه ستؤی خؤیان کرت……پر به دل سوباس بؤ خه لکی به شه ره فی کوردی تورونتو.

له کاتیکی نزیکدا هه موو به لکه کان بلاو ده کریت به شیوه کی فه رمی له بلاوکراوه کانی مالی کورد و کؤمه له ی کولتری کوردی تؤرؤنتؤ و فدراسیؤنی دیمکراسی کورد له که نه دا .

ده سته ی ریکخستنی هه لمه تی فریاکه وتن /تورونتو